# هەواڵی رۆژنامەوانی سەبارەت بە چاندراوی بەروبوومەکانی هاوینە لە ساڵی 2013

- **پارێزگای دهۆک بەرزترین ئاستی بەرهەمی هەیە لە هەرێم بۆ بەروبوومی هاوینەو رووبەری چاندراوی زیادی کردووە**
- **ژمارەی جوتیارانی چاندراوی بەروبوومەکانی هاوینە لە 2013 بە بەراورد لە گەڵ 2012 کەمی کردووە بە رێژەی 5%**

کۆی گشتی لە ساڵی 2012 بۆ ئەو جووتیارانەی بەروبوومی هاوینەیان چاندووە لە هەرێمی کوردستان بریتی یە لە (24416) جوتیار, بەڵام بۆ ساڵی 2013 ئەم ژمارەیە کەمی کردووە بۆ (23160) جوتیار بە رێژەی 5%, لە پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی 2012 ژمارەیان (6046) جوتیار بووە بەڵام لە 2013 دا ئەم ژمارەیە کەمی کردووە بۆ (5085) جوتیار بە رێژەی 16% , لە پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی 2012 ژمارەیان ( 11602) جوتیار بووە بەڵام بۆ وەرزی 2013 ژمارەیان کەمی کردووە بۆ (11385) جوتیار بە رێژەی 1% , لە پارێزگای دهۆک بۆ ساڵی 2012 ژمارەیان (6521) جوتیار بووە بەڵام بۆ ساڵی 2013 ژمارەیان کەمی کردووە بۆ (5981) جوتیار بە رێژەی 8% , لە ئیدارەی گەرمیان بۆ ساڵی 2012 ژمارەیان (247 )جوتیار بووە بەڵام بۆ ساڵی 2013 ژمارەیان زیادی کردووە بۆ (709) جوتیار بە بەرزبوونەوەی رێژەی 189%.

### ئاستی بەرهەمی بەروبوومەکانی هاوینە لە ساڵی 2013:

بەرهەمی پارێزگای هەولێر رێژەی 37% ی بەرهەمی هاوینەی هەرێم پێك دەهێنێت کە کۆی گشتی بەرهەمەکەی دەگاتە نزیکەی (204769) تۆن و پارێزگای سلێمانی 21% بە کۆی گشتی بەرهەمی (118058) تۆن و پارێزگای دهۆك 41% و کۆی گشتی بەرهەمی دەگاتە (229711) تۆن و ئیدارەی گەرمیان بە رێژەی 1% و کۆی گشتی بەرهەمەکەی بە (5150) تۆن خەملێندراوە, سەبارەت بە هەرێمی کوردستان کۆی گشتی بەرهەمەکەی بە (557688) تۆن خەملێندراوە.

کۆی گشتی بەرهەمی بەروبوومی هاوینە لە 2013 بۆ یەك جوتیار دەکاتە نزیکەی (24) تۆن.

### ئاستی رووبەری چاندراوی بەروبوومی هاوینە لە ساڵی 2013:

رێژەی رووبەری چاندراوی پارێزگای هەولێر 17 % ی رووبەری چاندراوی بەروبوومەکانی هاوینەی هەرێم پێك دەهێنێت و پارێزگای سلێمانی بە رێژەی 31% و پارێزگای دهۆك بە رێژەی 50% و ئیدارەی گەرمیان بە رێژەی 1%, لە هەرێمی کوردستان کۆی گشتی رووبەری چاندراو بە (245604) دۆنم خەملێندراوە, پارێزگای دهۆك لە وەرزی چاندنی 2013 بۆ بەروبوومەکانی هاوینە لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم دێت چونکە زۆرترین ئاستی بەرهەمی هاوینە و زۆرترین رووبەری چاندراوی هەیە.

### تێچوونی یەك دۆنم لە رووبەری چاندراوی هاوینە لە ساڵی 2013:

کۆی گشتی تێچوونی یەك دۆنم لە رووبەری چاندراو بۆ بەروبوومەکانی هاوینە هەرێمی کوردستان چاندنی یەك دۆنم 566 هەزار دینار دەبێت, لە پارێزگای هەولێر بە 607 هەزار دینار دەخەملێندرێت و پارێزگای سلێمانی 546 هەزاردینار و پارێزگای دهۆك 509, هەزاردینار و ئیدارەی گەرمیان 602 هەزاردینار دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان چاندنی یەك دۆنم 566 هەزار دینار دەبێت.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە:
ژمارە تەلەفۆنی : 00964662559170
Contact @krso.net
WWW.Krso.net